# کوشتاری ئەرمەنییەکان

کاوە ئەمین

ڕۆژی 4/24، نەوەد ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ئەنجامدرا، تێ دەپەڕێ. تورکیای نوێ نەک هەر ئەو تاوانەیان مەحکوم نەکرد، بەڵکو بەجێگای ئەوە تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژییان بە دژی گەلی کوردیش ئەنجامدا.

کاتێک هیتلەر پلانی کۆمەڵکوژی بە دژی جوولەکەکان دادەڕشت و خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر پۆلۆنیا ئامادە دەکرد، بە دەنگێکی بڵند ڕووی دەمی کردە جەنراڵەکانی وتی: کوا، کێ ئەرمەنییەکانی لە بیرماوە؟[1]

ڕەنگە سەدامیش لە کاتی هێرشی ئەنفالەکاند هەمان وتەی بۆ جەنراڵەکانی سوپای عێراق دووپاتکردبێتەوە و وتبێتی: کوا، کێ کۆمەڵکوژی ئەرمەنی و ئەو کۆمەڵکوژییەی کە پۆل پۆت لە کامبۆجیا ئەنجامیدا، لە بیرماوە؟ ئێستاش کە بەشێوەیەکی بەرفراوان یادی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان دەکرێتەوە و لە لاپەڕەی سەرەکی ڕۆژنامەکانی جیهاندا جێگای بۆ دەکرێتەوە، ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە لە سەدەی ڕابردودا کران ڕیزدەکرێن، کەس ناوی کۆمەڵکوژی ئەنفالەکان ناهێنێت وەکو ئەوەی کە هەر هیچ لە کوردستاندا ڕووینەدابێت.

دەوڵەتە کۆمۆنیستیەکانی سەر بە بلۆکی سۆڤیەت و دیکتاتۆرەکانی تری جیهان، بە دەیان ملیۆن مرۆڤیان لەناو برد و ملیۆنانیشیان لە زێدی باب و بایرانیان دەرپەڕاندو پاکتاویان کردن، هەموو ئەو تاوانانەش لە سێبەری شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا کران. ئەوەی کە لە هەموان زیاتر فەرامۆش کراوە، ئەو کۆمەڵکوژییەیە کە بەدژی نەتەوەی کورد و ڕۆمەکان (قەرەجەکان) و تووسییەکانی ڕەوەندا، ئەنجامدارن و بوونە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریەکانی زلهێزەکانی دنیا.

هەروەک مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، ئیتیحادییەکانی تورکیا هەوڵیاندا کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان بخەنە ئەستۆی کورد، کە گوایە ئەوە سوارەی حەمیدییەکان بوون کە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. ئەمەش ڕق و کینەی ڕۆژئاواییەکان و هەڵوێستی نەگەتیڤی بە دژی نەتەوەی کورد دروست کرد.[2] ئێستاش لە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی وەکو لیمۆند لە پاریس، دیسان قسەکانی ئیتیحادییەکانی تورکیا کاوێژ دەکرێتەوە و کورد تاونبار دەکات[3]، لە کاتێکدا هەمان ڕۆژنامە و دەوڵەتی فەرەنسی لە ئاستی کۆمەڵکوژیەکەی ئەنفالدا بێ دەنگیان هەڵبژارد و تەنانەت دەوڵەتی فەرەنسا لە کاتی لێدانی ڕێژیمی عێراقدا، لە هەموان زیاتر خۆی گێڤ کردەوە و نیگەرانی خۆی نیشاندا. ڕاستە ڕەنگە هەندێک دەرەبەگی جاشی کورد لەو سەردەمەدا بەشداریان کردبێت لەو تاوانەدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کورد وەکو نەتەوە بەشدار کردووە، چونکە کوشتنی ئەرمەنییەکان پلانێکی داڕێژراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو، دەنا سەدان ساڵە کورد و ئەرمەن وەکو دوو گەلی دراوسێ لە ژینگەیەکی هارمۆنیدا ژیاون، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دوایدا لە ئەرمەنستان سنووری چالاکیە کولتووریەکانی کورد لەو وڵاتەدا تەنگ کراوەتە.

بۆ ئەوەی تورکیا و هەندێک وڵاتی ئەوروپا دەستە چەورەکەی خۆیان بە ئێمە نەسڕن، دەبێت چالاکانە هەوڵی ئەوە بدرێت کە ڕێگا لەو پروپاگەندانەی کە بە دژی کورد دەکرێن، بگیرێت. پەرلەمان و حوکوومەتی داهاتووی باشووری کوردستان و ئەو کوردانەی کە لە حوکوومەتی عیراقدا کار بەدەستن، هەموو هەوڵێکی خۆیان لەو پێناوەدا بخەنە گەڕ و هەمانکات لەو یادەدا کە بۆ کوشتاری ئەرمەنییەکان دەکرێت بەشداری

---

[1] ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەر 4/10
[2] کوردستانی نوێ 4/5
[3] پەیامنێر 4/17

بکەن و هاوخەمی گەلی کورد لەگەڵ گەلی ئەرمەن دەرببڕن. نابێت ڕێگا بدرێت چیتر ئەو تاوانانە لە ژێر ناوی دەستەواژەی ڤیزیۆنی " کێشەی ناوخۆی" ئەو وڵاتەی کە تاوانەکی لێ دەکرێت، دووبارە بکرێنەوە.

سەدەی ڕابردو، سەدەی تاونەکان بە دژی مرۆڤایەتی و نەتەوە چەوساوەکانی جیهان بوو. سەدەیەک بوو کە کۆمەڵکوژەکان خۆیان تێدا حەشاردا، پێدەچێت سەدەی بیستویەکەم، ڕێگا لە کۆمەڵکوژی لەوەی جاران بگرێت یانیش کەمیان بکاتەوە، ئەمەش بۆ هۆشیاری دەوڵەتە تۆتالیتارەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو دەبێ سوپاسی تەکەنۆلۆجیای نوێی ڕاگەیاندن بە تایبەتیش ئینتەرنێت بکەین، کە لە چرکەساتێکدا هەواڵەکان دەگەیەنێتە ئەو پەڕی جیهان. " ئیتر هیچ ناهۆشیارییەک یانیش سیاسەتی زلهێز و شەڕی ساردێک نەماوە کە بکرێتە بەهانە بۆ چاوپۆشی لە کۆمەڵکوژی"، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە وەڵامی پرسیارەکەی هیتلەر و سەددام بدرێتەوە و بە دەنگێکی بەرز بڵێین کە چیتر کۆمەڵکوژی ئەرمەنیی و کورد و ڕەوندا و کامبۆجیا و شوێنەکانی تری جیهان لە بیر ناکەین.